رۆژی گەل



# هەواڵ هەواڵ

## دوو قاچاخچی دەگیرێن

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، رۆژی ١٠-٧-٢٠٠٧ کرێکارێکی بلوکی حاجی ئاوا بەناوی(ع-س)کەئەڵقەی پێوەندی نێوان قاچاخچی وئەوخەڵکانەی کەبۆهەندەران دەرۆن بەشێوەیکی نایاسایی بوو، لەلایەن ئاسایشی رانیەوە دەستگیرکرا، دوای لێکۆڵینەوە ناوی کەسێکی تری برد بەناوی(س-ع)کەئەویش رۆژی ١٢-٧-٢٠٠٧دەستگیرکرا وا بریارە بۆوەرگرتنی سزای یاسایی رەوانەی دادگا بکرێن.

## کچێک هەوڵی خۆ کوشتن دەدا

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، شەوی٩ -٧-٢٠٠٧ لەگەرەکی مەتاری شاری سۆران کچیک بەناوی (ش-ی) کەتەمەنی ٢١ساڵە لەسەربانی ماڵەکەیان خۆی دەخاتە خوارەوە بەمەبەستی خۆکوشتن، بەهۆی سەختی برینەکەی رەوانەی نەخۆشخانەی سۆران دەکرێت ،لەوێ دەرکەوت کە حەوزی بەسەختی شکاوە وباری دەرونی تێک چووە بەگوێرەی قسەی چەند کەسێکی نزیک لەو ماڵە، باوکی کچەکە ویستوویەتی کە کچەکەی بدات بە خزمێکی وکچەکەش رازی نەبووە بۆیە ئەو بەلایەی بەسەرخۆی هێناوە،

## بەفیشەک خۆی برینداردەکات

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، رۆژی١٢-٧-٢٠٠٧ وڵاتیکی خەڵکی گوندی شێخان بەناوی (ە-ح)کەتەمەنی ١٨ساڵە،لەهاوینەهەواری بێخاڵ گوللەیێک لەخۆی دەدات وبەسەختی خۆی بریندار دەکات دوای ئەوروداوە رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شاری هەولێری دەکەن بەمەبەستی چارەسەرکردن. تائێستا هۆکاری ئەو کارە نەزانراوە بۆچی وای لەخۆ کردووە بەڵام پێ دەچێت کەلەسەر کێشەیکی کۆمەڵایەتی بێت.

## مار وڵاتیەک دەکوژێ

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ: لەچۆمان، رۆژی ١١-٧-٢٠٠٧مارێک بەوڵاتی (ج-ش)ە ودەدات کەتەمەنی ٢٦ساڵە ودوای رەوانەی نەخۆشخانەی سۆرانی دەکەن بەڵام بەهۆی توندی ژەهری مارەکە رۆژێ دوای ئەو روداوە گیانی لەدەست ئەدات.

## بەتێزاب سەیارەکەی دەسوتێنن

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ رۆژی ٩-٧- ٢٠٠٧دکتورێک بەناوی (م) لەکاتێک داسەردانی ناحیەی حاجی ئاوادەکات، لەلایەن چەندکەسێکەوە تێزاب دەکەن بەسەیارەکەی داوو رادەکەن، زەرەرێکی مادی زۆربەر سەیارەکەی دەکەوێت .هۆکاری ئەم کارە تائێستا نەزانراوەو لێکۆڵینەوە بەردەوامە تاکو هۆکاری ئەم کارە بزانرێت.

## وڵاتیەک گیان لەدەستدەدا

رۆژی ٩-٧-٢٠٠٧ پیرەمێردیکی تەمەن٦٥ ساڵە لەگوندی گردەگۆزینەی شاری کەلار حەفارەێک لی دەدات ودەیکوژێ سەرچاوەێکی پۆلیس ئاشکرای کرد کەلەکاتی ئیش کردنی حەفارەکە لەوگوندە، پیاوەکە دەکەوێتە ژێرحەفارەکەو دەی کوژێ.

## چەند کەسێک ژەهراوی دەبن

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، لەرۆژی ٨-٧-٢٠٠٧دەکەس بەهۆی خواردنی پەنیری کوردی لەگوندی ئالانی سەربەخەلیفان ژەهراوی بوون، کەهەندێکیان خاوەن ماڵ وهەندێکیان میوانن دواتربۆچارەسەرکردنی نەخۆشیەکەیان رەوانەی نەخۆشخانەی سۆران کران.

## چوار کەس بریندار دەکرێن

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، لەرۆژی١٢-٧-٢٠٠٧لەئەنجامی شەرووپێکدادان لەنێوان چەند خزمێک ٤ کەس برینداربوون بەناوەکانی(ق-ی)(خ-ی)(م-ن)(ب-ج).دوای ئەوەی کەبۆچارەسەری رەوانەی نەخۆشخانەی سۆرانیان دەکەن یەکێکیان بەناوی(ب-ج)بەهۆی سەختی برینەکەی گیانی لەدەست دەدات. کێشەکە کێشەیکی کۆنی کۆمەڵایەتی بووە کەتائێست اهەڵواسراو ماوەتەوە.

## دادوەرێک دەکوژرێ

بەگوێرەی سەر چاوەی هەواڵ لە پۆلیسی شارەبان،کات ژمێر٨-٣٠خولەکی سەرلە بەیانی رۆژی ١٠-٧-٢٠٠٧لەکاتی رۆشتنی بۆ سەرکارەکەی ،دادوەر (حەقی ئیسماعیل)لەلایەن تیرۆریستانەوە لە نزیک شاروچکەی شارەبان رێگای پێ دەگیرێت و پاش کوشتنی وفرێ دانی تەرمەکەی ،ئۆتۆمبیلەکەی دەرفێنن.تا گەیشتنی ئەم هەواڵە پشکنین بەردەوامە بۆ گرتنی تاوانباران.شایانی باسە کە ناوبراو بەرەگەز عەرەبی سونەیە.

## چوارپاسەوان دەستگیر دەکرێن

بەگوێرەی سەرچاوەیکی هەواڵ لەپیرمام،رۆژی٩-٧-٢٠٠٧پاسەوانێکی بیرەکانی ئاوی بانەمامی سەربە پیرمام بەناووی (ر-ح)ئاغا کەتەمەنی٦٠ساڵ دەبێت ،دەستگیر دەکرێت .بە هۆی ئەوەی کە چەن کەسێک بەبهانەی ژن هێنان بۆ ناوبراو هەندێ پارەی لێ دەستێنن وپی دەڵێن کە ئەم ئافرەتە ژنی ئەنفالە وفەقیرە بۆ تۆ باشە،بەڵام ناوبراو نازانێت کە ئەو ژنە سۆزانیە ودەیانەوێت فێڵی لێ بکەن،دوای لێکۆڵینەوە،ئازادی دەکەن،بەڵام منداڵەکانی زۆری لێ دەدەن بۆئەوەی کە ئەوکارەی کردوە

## کورە شەهیدێک ئیهانە دەکرێ

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ،کات ژمێر (٥)ی ئێوارەی رۆژی٩-٧- ٢٠٠٧ لەنزیک گوندی(ئاوەخوێری )لەسەر رێگەی دەربەندیخان لەلایەن (ئ-س) کەئەندامی فەرماندەیی گەرمیانە، ئۆتۆمبیل لەکورە شەهیدێک دەدات وبرینداری دەکات ،ناوبراو بەئوتومبیلەکەی شکاندویەتیە سەر (ە-س)کە کورەشەهیدە ودوای دابەزیوەوهەرەشەی لێکردوە بەجوێن و قسەی ناشرین هێرشی کروەتەسەرکورە شەهیدەکە، دوای ئەوەی کە ناوبراو وتویەتی کەمن کوری شەهیدم، ئەندامی فەرماندەیی گەرمیان(ئ.س)گوێی نەداوەو جوێنی پێداوە، بەوتەی (ە-س) تەنانەت دەمانچەشی لێ راکێشاوە. دواتر کورەشەهیدەکە بەهۆی سەختی برینەکەی رەوانەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار کراوە، ناوبراوبەنیازی تۆمارکردنی سکالایە لەدادگەی کەلار لەدژی(ئ)سور.

## کڕین و فرۆشتنی چەک لەکەرکوک قەدەغە دەکرێ

بەبریارێکی تایبەت کرین وفرۆشتنی چەک لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەشاری کەرکوک قەدەغەکرا.دوای ئەوەی کرین وفرۆشتنی چەک لەلایەن چەندوکاندارێک خوێندکارێک رولەزیادبوونی دەکردوتێکدەرانیش کەڵکیان لەم هەلەوەردەگرت،سرەچاوێکی ئەمنی پیراگەیاندین ،دوای کۆبوونەوی لێژنەێک لەئاسایشی شاری کەرکوک لەگەڵ دوکاندارەکان وچەک فرۆشەکا، بریاری قەدەغە کردنی چەکیان لەو شارە راگەیاند، تاکوو لەدوای دا ئەوکەسانەی دەیانەوێت چەک بفرۆشن دەبێ مۆڵەتی یاساییان پێ بدرێت.

## وڵاتیان مەترسی ژەهراوی بوونی ئاوی خواردنەوەیان هەیە

دوای تەواوبوونی تۆری ئاوی شاری کفری کەلەشاروچکەی دووزخورماتو دەگاتە ئەوشارە ،ئێستا مەترسی ژەهراوی بوونی هەیەو هیچ کەسێک بۆخواردنەوە بەکاری ناهێنن.لەم بارەوە سەرپەرشتیاری ویستگەی ئاوی کفری پێمانی راگەیاند؛ کەلەبەرئەوەی ئەو بۆری ئاوانە لەدووزەوە بەناوچە عەرەب نشینەکان وسلێمان بەگ ودەوروبەرتێدەپەرێ، عەرەبەکانیش سەری چەند مەنهۆڵێکیان لابردوە بۆئاوبردن بۆگوندەکانی خۆیان، بۆیەمەترسی ئەوەی لێ دەکرێ کەلەلایەن تیرۆرستانەوە ژەهراوی بکرێت.

## باندێکی لەشفرۆشی دەستگیردەکرێ

ۆژی٩-٧-٢٠٠٧ لەزاڵگەی کفری دووئافرەتی عەرەب کەلەلایەن دوولاوی شاری کەلار بۆلەشفرۆشی هێنرابوون، بەسەیارە لەگەڵ دوولاوەکە رادەکەن. بەڵام لەلایەن بنکەی پۆلیسی رزگاری چاودێری دەکرێن تاکو توانیان لەناحیەی رزگاری شاری کەلار دەستگیریان بکەن سەرچاوەێک لەپۆلیسی رزگاری پێی راگەیاندین کە لەسەیارەکە ٤کەسی تێدابووە ئەو دووئافرەتەو دوولاوەکە، کە لە لێکۆڵینەوەکە دەرکەوتووە ئەو دوو لاوە ئەو دوو ئافرەتەیان بۆلەشفرۆشی هێناوە.

## دوازدە ساختە کار دەستگیر دەکرێن

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، لەرۆژی ١١-٧- ٢٠٠٧ لەلایەن ئاسایشی ئابوری رانیە دەست دەگیرێت بەسەر سەدان گونیە لەبرنجی ئێرانی و بەسەرچوو لەگەڵ مەکینەیکی کەپس بۆساختەکاری بەم هۆیەوە ١٢دوکاندار دەستگیرکران لەلایەن ئاسایشی ئابووری رانیە.

## ١٠ تیرۆریست وموختارێک دەستگیر دەکرێن

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، شەوی١١-٧-٢٠٠٧لەدرێژەی گەران وپشکنینی هێزەکانی ئاسایشی کەرکوک بۆبن برکردنی تیروریستان لەو ناوچەیە ،توانرا(١٠)تیرۆریست دەستگیر بکەن کەسەربەتۆرێکی تیروریستی بوون،سەرچاوەێک لەپۆلیسی کەرکوک پی راگەیاندین ؛کەهەرهەمان رۆژموختاری ناحیەی (تازە)دەستگیربکەین کەپێشتر زانیاریمان هەبووە لەوەێ کەدەستی تێکدەرانەی هەبووەلەنێوان بەرادەرانی کوردوعەرەب دا.

## بەرپرسی سەنتەری گەنجان واز لە کارەکەی دەهێنێ

بە هۆی گوێ نەدان بە داواکاریەکانیان لەلایەن لایەنە پەیوەندی دارەکان برپرسی سەنتەری گەنجانی شآری کەلار(محەمەد سابیر)دەستی لەکار کێشایەوە.ناوبراو پێمانی راگەیاند کە هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەکەم دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە چەندین چار داوامان لەبەرپرسان کردوە تاکوو پێداویستی زیاتربۆ گەنجانی شاری کەلار دابین بکەنبەڵام جگە لە بەڵێن هیچی ترمان بۆنەکراوە، هەروەها وتی کە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ئەم سەنتەرە بینایێکی تایبەتی نیە و هەرخانومان گرتوە بەکرێ چونکا ئورەکانی بچوکن ئێمەناتوانین کە چالاکیە کانمان ئەنچام بدەین.

## خواردەمەنی بەسەرچوو دەسوتێنرێ

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، لەرۆژی١٠-٧- ٢٠٠٧بەئامادەبوونی هێزەکانی ئاسایشی کەلار، مەڵبەندی پاراستن وژینگەپارێزی کەلار، بۆنەهێشتنی خواردەمەنی بەسەرچوو، دەست گیرا بەسەر٢٤٣ کارتۆن خواردەمەنی ئێرانی کەلەلایەن ئامادەبووانی ئەولیژنەیە لەدەشتێکی شاری کەلار سوتێنران.

## گەورە تیرۆریستی شاری کەرکوک دەستگیر دەکرێ

بەپێی سەرچاوەیکی هەواڵ: کات ژمێر (٣)ی شەوی ١١-٧-٢٠٠٧ ،گەورە تیرۆریستی شاری کەرکوک بەناوی(ئەبوو درع) دەستگیر کرا. سەرچاوەێک لەپۆلیسی کەرکوک پێی راگەیاندین؛ لەهەڵمەتێکی هێزەکانی پۆلیس لەگەرەکی خەزرای شاری کەرکوک توانیمان گەورە تیرۆریست ئەبودرع دەستگیر بکەین هەروەها وتیشی کە ناوبراو دەستی هەبووە لە رفاندن و سەربرینی وڵاتیانی بێتاوان، هەرلەو هەڵمەتەدا توانیان(٦)کەسی تر دەستگیر بکەن لەگەڵ کۆمەڵێک ئۆتۆمبیل وچەک وتەقەمەنی دا.

## هەزار بوتڵی غاز گڕ دەگرێ

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ کاتژمێر ٨ی رۆژی ١٣-٧-٢٠٠٧ بەهۆی ئاگر کەوتنەوە لەکارگەێکی گۆرینی سەری بتڵی غازی ئێرانی بۆ عێراقی لە گوندی هۆریوەی سەر بەقەڵادزێ هەزار وتڵ غاز تەقییەوەو، بەپێی سەرچاوەی هەواڵەکە ئاگر کەوتنەوەکە بەهۆی فریدانی جگەرە بووەو لەم رووداوەدا کارمەندێکی ئاگر کوژێنەوەی قەڵادزێ برینداربووە.

## ئێران چەند گوندێک بۆردومان دەکا

بەپێی سەرچاوەێکی هەواڵ: لەناوچەکانی بۆریای سەر بەحاجی ئۆمەران هەزار سەربازی ئێران لەسنوری هەرێمی کوردستان نزیک بوونەتەوەو دەیانەوێت دزە بکەنە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها سەرچاوەکە راشی گەیاند هێزەکانی پاسدارانی ئێران ژمارەیەکی زۆریان لەناوچەکە کۆکردۆتەوەو ماوەی سێ رۆژە کە لەلایەن ئەو هێزەوە چەند گوندێکی ئەو ناوچەیەیان بۆردومان کردووەو دەیانەوێت بەمەبەستی مۆڵداینی هێزەکانیان پایەگاو رەبایە دروست بکەن و هەروەها سەرچاوەکە راشی گەیاند رێککەوتنێکە لەنێوان ئێران و تورکیا بۆ هێرش کردنە سەر هێزی پژاک و گەریلاکانی پەکەکە لەقەندیل، هەردابەدوای ئەمە ئێران مەرزی باشماخی بەرووی هەرێمی کوردستان داخست.

# هەواڵی سەیر

* ولاتی(ع-خ) کە وەرزشوانێکی شاری کەرکوکە ولەلیژنەی ئولۆمپی کاردەکات، رۆژی٩-٧-٢٠٠٧بەوەفدێکی رەسمی سەردانی هەولێردەکەن بۆ کرینی کەل وپەلی وەرزشی، بەڵام لەبازگەی هەولێر ناهێلن ئۆتومبیلەکەیان ببەنە نێو شارەی هەولێر بەوهۆیەوە مشت ومرلەنێوان (ع) وئەفسەرێک دروست دەبێ دوای ئەوەی ئەفسەرەکە بەچەند قسەی ناشارستانیانە برینداریان دەکات، دەڵێ کەدەبی یەکێک لەئێوە لای ئۆتۆمبیلەکە بمێنێتەوە وئەوانی دیکەش تاکسی بگرن ووەسڵی کرێ تاکسیەکەش لە ئیفادەی کەیان بنوسن. ئەویش بەناچاری بەئەفسەرەکە دەڵێت کاکەگیان بەم جۆرەوڵام دانەوە تیرۆر زیاد دەکات نەک بنبر، بۆئەوەی شێوەی وەڵام دانەوەی ئێوە هەست شکاندنی هاوڵاتیان هەروەکو تیرۆر وایە.

* رۆژی١٢-٧-٢٠٠٧ لەنێوان هەردووجادەی هێڵی سلێمانی-کەرکوک لەلای راپەرین چەندها شوفڵ وبولدۆزەر کاردەکەن تا ئەوخۆڵ وخاکە کۆنەی کەلەکاتی سەرۆک شارەوانی پێشو بو رازاندنەوەی شەقامەکان دروست کرابوون، لابەرن ،تەپ وتۆزێکی زۆرئەو ناوەی داگیرکردبوو، ئەوەی جێگەی باسە شۆستەی نێوان هەردووجادەک ەهێندەپان بووکەشۆفڵ لەناوی دابە ئاسایی کاری دەکرد لەکاتێکدا جادەکان هەندێ جار بەزۆر جێگەی دووئۆتۆمبیلی تیادەبێتەوە.

* لەبەرواری ١١-٧-٢٠٠٧شۆفیرێک لەبەنزینخانەی (ب) لەقەزای چەمچەماڵ لەگەڵ کرێکارێکی ئەوبەنزینخانە دەبێتەشەریان لەسەر(٢٥) لیتربەنزین دواتر پۆلیسێک ناوبژیوانیان دەکات وقسەی شۆفیرەکەسەردەخات بەهۆی پشت گیری کردنی لی، شایانی باسە کە شۆفیرەکە لەسەرئەوە بەشەرهاتوە کە سەیارەی پێشوتر برێکی زۆر بەنزینی بە پێکەنین و گاڵتە کردن لە کرێکارەکە وەرگرتوە، بەڵام بەمن دەڵێ کە تۆ لەگەڵ ئەوجیاوازیت هەیە بۆیە ئەوبرە بەنزینەت نادەمێ.

* بەرێوبەری فەرمانگەی شاری کەرکوک کەناوی(ع-ق)یە، پیاوێکی زۆر نادیموکراتیە حەزی لەزۆربەی کارمەندان وئەندازیارانی خۆی نیە، بۆ ئەومەبەستە لەهەفتەی رابردودا کۆمەڵێک لەوانە وەزیەتەکەیان بەئیمزاوە ئارەستەی کردوەو تیایدا نارەزایی خۆیان دەربریوە ..بەڵام ئەوتەنها لەژێری نوسیویەتی کە(بینراوە -بۆهەڵگرتن) شایانی باسە ناوبراو کەکوردەو لەکۆنەوە لەوفەرمانگە کاردەکات بەڵام بەداخەوە کە ئەم جۆرە کەسانە نەتەنها خزمەت بە نیشتمان ناکەن بەپێچەوانەوە کارەکانیان بە دڵی ناحەزانی کوردە .ئەوەش کەسەیرە سەرەوە ئاگادارن لە کارەکانی بەڵام نازانین بۆ چی نایگۆرن

* وڵاتی(س) کەبێوەژنێکە ودانیشتوی گەرەکی (حی العسکریە،) لەشاری کەرکوک وسالی پارپیاوەکەی لەتەقینەوەێکد الەوشارە شەهیدبوو، بەهۆی دراوسێکیانەوە ناوی منداڵەبچکۆلەکەیان لەرێکخراوێکی بیانی تۆمارکردوە بەمەبەستی موچەی شەهیدانە، بەڵام لەهەفتەی رابردوو کەدەچێ بۆموچەی هەتیوانەکەی پی دەڵێن دەبێ یان تورکمان بیت، یان مووچەت نیە، بەتایبەت ناوی (بەیان )لەتورکماندا هەرنیەو قەبووڵ ناکرێ.